IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر



No: ٢١٧٩
Date: ٢٠١٤/١٢/٤

ژمارە:
بەروار: ٤ / ١٢ / ٢٠١٤

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسای ( هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ )**

بەڕێزان یاسای سەرەوە هاوپێچە لەگەڵ نوسراوماندا. ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧** ) خرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

**لەگەڵ رێزدا...**

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان**

١- د. بەهار محمود فتاح
٢- بێستون فائق
٣- علی حمە صالح
٤- محمود حاجی عمر
٥- شێرکۆ حەمە ئەمین قادر
٦- أیوب عبداللە اسماعیل
٧- بەرزۆ مجید عبداللە
٨- ئومێد حەمەعەلی
٩- عادل عزیز
١٠- رۆژا محمود
١١- ابوبکر عمر عبداللە (هەلەدنی)
١٢- تەلار لطیف محمد
١٣- خلف احمد
١٤- گەشە دارا حەفید
١٥- کاوە شێخ حسن
١٦- عبدالرحمن علی رضا ٢٠١٤/١٢/٤
-١٤
-١٥
-١٦
-١٧
-١٨
-١٩
-٢٠

## هەمواركردنی یەكەمی یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧

**ماددەی یەكەم :**

هەمواركردنی ماددەی چوارەمی یاساكە بەم شێوەیە خوارەوە:

"ماددەی چوارەم: دەسەلاتی دادوەری، بودجەیەكی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە و لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری ئامادە دەكرێت، دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی كوردستان _عیراق بۆ پەسند كردنی."

**ماددەی دووەم :**

زیادكردنی بڕگەیەك بۆماددەی (شانزەم) بەزنجیرەی (دووەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

دووەم: لەهەر دادگایەكی تێهەڵچونەوە دا بەشێك بۆ ڕاگەیاندن تەرخان بكری بەمەبەستی:

١- پێشوازیكردن لە میدیای ئازاد تا لە سنوری یاسادا زانیاری پێویستی بداتێ.

٢- ووتە بێژێكی هەبێت بۆ گەیاندنی دەنگی دادگا بەڕای گشتی.

**ماددەی سێ یەم :**

زیادكردنی بڕگەیەك بەزنجیرەی(حەوتەم) بۆ مادەی (٣٤) لەیاساكە بەم شێوەیە:

"ماددەی (٣٤)/حەوتەم: پێشكەشكردنی پرۆژە یاسا و بڕیاری پەیوەست ڕاستەوخۆ بە سیستەمی دەسەلاتی دادوەری بە پەرلەمانی كوردستان_عیراق."

**ماددەی چوارەم :**

١- هەمواركردنی ماددەی (٣٥/یەكەم/١) بەم شێوەیەی خوارەوە:

"دەبێت لایەنی كەم هەر دوو بڕوانامەی بەكالۆریۆس لەیاسا و دبلوم لە پەیمانگای دادوەری هەبێت"

٢- هەمواركردنی ماددەی (٣٥/یەكەم/٣) بەم شێوەیەی خوارەوە :

" ماددەی (٣٥/یەكەم/٣): تەمەنی لە (٣٠) ساڵ كەمتر نەبێت و لە (٤٥) سالیش زیاتر نەبیت."

**ماددەی پێنجەم :**

هەمواركردنی ماددەی (٣٨) لە یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

"سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بە هەمان پلەی سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەبێت لەڕووی ماف و ئیمتیازات و لایەنی پرۆتۆكۆلی لە بۆنە گشتیەكان "

**ماددەی شەشەم :**

بڕگەی پێنجەم لە ماددەی (٤١) هەمواردەكرێت و بڕگەكانی (شەشەم، حەوتەم، هەشتەم)ی بۆ زیاد دەكرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجومەنی دادوەری لە هەڵسەنگاندنی دا بۆ لێهاتوویی دادوەر بۆ بەرزكردنەوەی پلەكەی پشت دەبەستێت بەو نوسراوانەی كە لە هەر دوو بەندی (٣، ٤) ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، لەگەڵ ڕاپۆرتەكانی سالانە كە لە لایەن سەرۆكانی سەرپەرشتیارانی دادوەرییەوە بەرز كراونەتەوە بە لە

بەرچاو گرتنی ڕاستاندنی ٩٠٪ ی ئەو حوکم و بڕیارانەی ساڵانە دەریکردون ئەو حوکمانەی کە دادوەر بە ماندو بونێکی لە ڕادە بە دەر دەریکردون سەرەڕای ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیەی کە وتووێژی لەسەر توێژینەوە یاساییەکە کردوە، کەپێشکەشی کردبوو لەگەڵ ئە پلەیەی کە وەری گرتووە.

"شەشەم: ئەگەر بەو پێوەرانەی لە بڕگەی (پێنجەم) هاتوون دەرکەوت لێهاتووە بۆ ئەو بەرزکردنەوەیە، بڕیاری بنبڕی بەرزکردنەوەکەی دەردەکەن و پێ ی ڕادەگەیەنرێت."

"حەوتەم: ئەگەر بەو پێوەرانەی لە بڕگەی (پێنجەم) هاتوون دەرکەوت لێهاتوو نیە بۆ ئەو پلە بەرزکردنەوەیە ئەوا ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە بەرزکردنەوەکە بە بڕیارێکی هۆ دار بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێت دوا بخات بۆ زیاتر لە جارێك."

"هەشتەم: ئەو دادوەرەی ماوەی سێ ساڵی یەك لە دوای یەك پلە بەرزکردنەوەکەی بەو هۆکارانەی لە بڕگەی پێنجەم دا هاتوون دواخرا، پلەی دادوەری لێ وەردەگیرێتەوە."

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم : هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم) و (سێ یەم) لە ماددەی (٤٦) لەیاساکە بەم شێوەیە:

"یەکەم: دادوەر دوای تەواو کردنی تەمەنی (٦٥) شەست و پێنج ساڵ خانەنشین دەکرێت، لەکاتی پێویست دا تا تەمەنی (٧٠) ساڵی دەمێنێتەوە".

"سێ یەم: دادوەر مافی خانەنشینکردن و مافی خۆ کاندید کردنی هەیە بۆ پەرلەمان ، پێش تەواو بوونی ئەم یاسایە دادوەر دەتوانیت بگەرێتەوە سەر کارەکەی ئەگەر تەمەنی لە(٧٠) ساڵ تێپەری نەکردبوو".

دووەم: زیادکردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی (٤٦) بە ڕیزبەندی (پێنجەم) بۆ ماددەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

"پێنجەم : کردنەوەی بەشی خانەنشینی دادوەران".

**ماددەی هەشتەم:**

زیادکردنی بڕگەی (دووەم) بۆ ماددەی (٤٦) بەم شێوەیەی خوارەوە:

"دووەم: داواکاری گشتی لەڕووی (کارگێڕی و دارای و تەواوی مولکەکانی و ماف و ئیمتیازاتەکان و ئەرکەکانی ) لە وەزارەتی داد دەکرێتەوە و بە دەسەلاتی دادوەری دەلکێندرێت لە هەرێمی کوردستان."

**ماددەی نۆیەم:**

ماددەیەك بۆ یاساکە لە دوای ماددەی (٦٦) زیاد دەکرێت بە زنجیرەی (٦٧) و ماددەکانی تر دادەڕێژرێتەوە:

"ماددەی(٦٧): یاسای تەبلیغی عەسکەری ژمارە (١٠٦) ی ساڵی ١٩٦٠، یاسای ژمارە (١٠٤٢) ساڵی ١٩٩٧ ئیلغا دەکرێت و، کار بە بڕیاری ژمارە (٦٦٩) ساڵی ١٩٧٨ بکرێت."

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حکومەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچوونی**

لە پێناو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و، چەسپاندنی سەروەری یاسا و، ڕاگرتنی هاوسەنگی و، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.